# خەواریجەکان کێن و

# بەرامبەر بەکێش ڕاوەستان؟

# ڕەواندنەوەی گوومانی بەزیوەکان

ئامادەکردنی: باوکی ئەسماء

1ی ربیع الثاني ساڵی 1432 ی کۆچی
بەرامبەر
2011 / 3 /6

## بسم الله الرحمن الرحيم

### پێشەکی:

ان الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له. واشهد أن لا اله الا الله وحده لاشريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ﴾.

﴿يَاأَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾.

﴿يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا﴾.

### أما بعد:

پاش سوپاس و ستایشی بێ پایانم بۆ خوای تاك و پاك و بێ هاوتا و خاوەنی بوونەوەر درودوو سڵاوی خوا لەسەر پێغەمبەری خۆشەویستمان(محمد) ﷺ و یارو یاوەرانی بێت تا ڕۆژی دوایی لە پاشان دا:

بەهۆی ئەو گرژوو ئاڵۆزی یەی کە کەوتۆتە نێوان مسوڵمانان و کەم بونەوەی سەرکردەی ڕاستگۆ و نەمانی خەلافەتی ئیسلامی لەسەر زەوی دا لەبری هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی حوکمی خوا بۆسەر زەوی بە پێچەوانەوە تا بێت ڕیزی مسوڵمانان زیاتر لێك هەڵدەوەشێتەوە لە جیاتی نزیك بونەوەی زیاترمان لەیەك زیاتر لەیەك دوور دەکەوینەوە ئەویش بەهۆی تۆمەت بار کردنی هەر لایەنو بەرامبەرەکەی بە یەکێك لە تاقمە گومڕاو سەر لێ شێواوەکان کە بەداخەوە بووەتە کارەساتێکی گەورە لە نێو زاناو بانگخوازو گەنجانی ڕابوونی ئیسلامی دا بە جۆرێک کە بابای کافر سەری لەسەر سەرین ناوەو لەخەوی قورسی دا خەبەری نابێتەوە و پشتوێنی لێکردۆتەوەو بەزەردەخەنەی سەر لێوی گاڵتەمان پێدەکات، چونکە تا مسوڵمانان ئاوەها دژ بە بۆچونی یەك ڕاوەستن و ددان لەیەک جیڕ بکەنەوە ئەوا بابای کافر خۆشحاڵ و ئیسراحەتە ، جا ئەوەی کە من دەمەوێت باسی لێوە بکەم ئەو تۆمەت بار کردنە بێ بەڵگانەیە کەوا ئاڕاستەی ئەو زاناو بانگخواز و کەسە باوەڕدارانە دەکرێت کەوا لەم سەردەمی غوربەتەی ئیسلام دا نوزە یەکییان لێوە دێت و بێ باکانە بەرامبەر بەو دەسەڵاتە کافرو طاغوتانە

راوەستاونەتەوە دەیانەوێت حاكمیەتی خوا بەرقەراكەن لەسەر زەوی دا كەچی لەبەرامبەردا تۆمەت بار دەكرێن بەخەواریج! دیارە ئەم بابەتە بابەتێكی زۆر هەستیارە و دەبێت قوتابی زانستی شەرعی زۆر بەشێوازێكی جوان و شەرعی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بكات هەر بۆیە بەپێویستم زانی وەك قوتابی یەكی قوتابخانەی ئەهلی سوننەو جەماعة بەتێگەشتنی سەلەفی صاڵح وەك ئەهلی نقڵ لە كتێبی زانایان و مامۆستایانی بەڕێز باسێكی (خەواریج) بكەین تاوەكو ئەم تەم و مژەی كە كۆمەڵێك زاناو بانگخواز بەبێ ئاگا لە مێژووی خەواریج یا بەشێوەیەكی تر بڵێین كۆمەڵێكی بە ئاگاو تەئویل كەر كە ووشەی خەواریج بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانییان و هەركەسێك بەرامبەر بە سوڵتانێكی طاغوت ڕاپەڕێت یەكسەر تۆمەت باری دەكەن بە (خەواریج) جاببزانین خەواریج كێن و بەرامبەر بەكێش ڕاوەستان وە سیفەتییان چۆنە وا بە پشتیوانی خوای گەورە لە بەشی خوارەوەدا ڕونی دەكەینەوە ، وە هیوادارم ئەم بابەتە ببێتە هەوێنێك بۆ گەڕانی زیاتر بە دوای ڕاستی یەكان و دوور كەوتنەوە لە كەسانێك كە گەنجانی باوەڕدار چەواشە دەكەن و ڕێگای ڕاستییان لی دەشێوێنن.

خەواریج: یەکەم تاقم بوون کە لە مێژووی ئیسلامدا پەیا بوون و لەسەر پێشەوای بڕوادارن عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب "خوا لێی ڕازی بێت " دەرچوون و هێندێ لە هاوەڵانیان کافر کرد ژمارەیان دوانزە هەزار کەس بوو لەناو خۆیان دا عبداللەی کوڕی وەهەبی راسبی یان هەڵبژارد بۆ سەرکردایەتی یان دواترئیمامی علی کوڕی أبوطالیب(خوای لێ ڕازیبێت) عبداللەی کوڕی عباس ی نارده لایان (خوا لێیان ڕازی بێت)تاوەکو فیتنەکەیان گەورەترنەبێت ئەویش پاش مانەوەی بە سێ ڕۆژ توانی قەناعەت بە نیوەیان بکات و بیان گێڕیتەوە ژێر ڕکێفی خەلیفە،

ئایا دەزانی خەواریجەکان سەگەکانی ئەهلی دۆزەخ پێشەوا(علی کوڕی ئەبوطالیب)یان بە کافر دەزانی؟ بەچەند بەڵگەیەکەوە لەقورئانەوە ،بەڵام بەتێگەشتنی خۆیان،هەر بۆیە إبن عباس(خوایان لێ ڕازی بێت) چووە لایان و پرسیاری لێکردن کە ئایا بۆ ئیمامی علی بە کافر دەزانن؟ لە کاتێکدا پێشتر لە ناو لەشکری ئیمامی علی دا بوون و بەڵام لەپاش جەنگی (صفین)کە لە نێوان لەشکری ئیمامی علی و لەشکری ئیمامی معاویەدا ڕوویدا جا لێرەدا

دەمەوێت هەڵوێستەیەك بکەم ئەویش ئەوەیە کەزانایانی پایەبەرز دەفەرموون وەك ئێمە دەستمان نەبووە لەم جەنگەدا بازوبانیشمانی لێ بپارێزین جا ئیتر چەندوو چون مەکە وەك هەندێك لەدڵ نەخۆشان دەیکەن،لەپاش شەڕەکە خەواریج لە لەشکری ئیمامی علی دەرچوون لەپاش
کێشەی (التحکیم)لەنێوان ئیمامی علی و ئیمامی معاویەدا، کاتێك کە ترجمانی قورئان زاناو دانای ئەم ئوممەتە ڕۆیشت بۆ لایان،بۆ ئەوەی گفت و گۆیان لەگەڵ دا بکات دەربارەی ئەو گومڕایی یەی بۆی چوونە،جا با بزانین سەرەتا بەڵگەو بورهانی ئەوان چی بوو؟ کە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەم خاڵانەیان کردە بەڵگەی کافرکردنی ئیمامی علی ووتیان:
یەکەم: ئیمامی علی چەند پیاوێکی بەکار هێناوە بۆ حوکم دانان لەدینی خوادا، کەچی خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ [الأنعام/57] واتە:چونکە هەموو حوکم و بڕیارێك هەر هی خوایە وە هەموو شتێک هەر بەدەستی ئەوە.
کەوایە ئیمامی علی کوفری کردووە ! خوا پەنامان بدات جا بەبەڵگەی ئەم ئایەتە ئیمامی علی یان بەکافر دەزانی

...! جا هیچ کەسێك نکوڵی لەوە ناکات کە ئەمە ئایەتێکی قورئانە بەڵام ئەوان خراپ لێی تێگەشت بوون.
دووەم: ئیمامی علی لەگەڵ کۆمەڵێکدا کووشتاری کردووە کەچی ژنەکانیانی بە جاری یەو کەنیزەك نەهێناوە کە لێرەدا مەبەستییان(عائیشة و طلحة و زوبەیرو معاویە)بوو خوا لەهەموو هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕازی بێت وە دەیان ووت:ماڵ و سامانیانی بە غەنیمەت و دەسکەوت نەهێناوە ،جا ئەگەر ئەوان مسوڵمانن ئەوا کووشتاریان حەرامە،وە ئەگەر ئەوان کافرو بێ باوەڕ بن ئەوا ژن و ماڵ و سامانیان حەڵاڵە! بەڕاستی ئەمە گومان و کارەساتە،جا ئەگەر کەسێك لەم دینە تێنەگەشتبێت و زانست و زانیاری نەبێت ئەوا دەڵێت:ئەم قسەیە تەواوە! چونکە ئیمامی علی وای کردووە!! سوێند بەخوا ئەم گومانە ترسناکە ئەوانی بەرەو ئەو کارەساتە سەختە برد، پەنا بەخوا دەگرین لەنەزانی یاخوود لەزانیاری یەك کەسوودی نەبێت.
سێ یەم: ئیمامی علی دەستی لەکار کێشایەوە وەکو(أمیر المؤمنین)ێك لەکێشەی (التحکیم)دا ،جا ئەگەر ئەو ئەمیری ئیماندارن نەبێت ئەوا ئەمیری بێ باوەڕانە! ئابەم شێوەیە ئەمە بەڵگەکانیان بوو کە خۆی لە سێ تەوەردا دەبینی یەوە.

ڕەدد دانەوەی ئەو سێ گومانە لە لایەن(إبن عباس) تەرجومانی قورئان (خوایان لێ ڕازیبێت)

ئەوەیە کە (إبن عباس) فەرمووی: ئایا ئەگەر ئەو کێشەیە بە ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوون بکەمەوە ئایا دەگەڕێنەوە؟ ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان: بەڵێ..

ووتیان:کوا بەڵگەکانت بێنە..جا تەماشای روناکی زانیاری بکە چۆن تاریکی نەفامی تێك و پێك دەدات و دڵەکان ڕۆشن دەکاتەوە وەك شاعیر دەفەرمووێت:

الجهل قبل الموت موت لأهله
وأجسامهم قبل القبور قبور
وأرواحهم في وحشة من جسومهم
وليس لهم قبل النشور نشور

واتە: نەفامی مردنە بۆ خاوەنەکەی لە پێش ئەوەی بمرێت وە جەستەیان گۆڕە لە پێش ئەوەی ببرێن بۆ گۆڕستان، ڕۆحەکانیان لەدڵ تەنگی و سامناکی دایە بەرامبەر بەجەستەیان،لە پێش ڕۆژی زیندوو بوونەوە زیندوو بوونەوەیان نی یە.

جا لەگەڵ مندا بیر لەو گفتو گۆیە شیرینە بکەرەوە کە لەنێوان إبن عباس و سەرکردەی خەواریجەکان دا ڕوویدا لە ڕێگای ئەم دوو ڕیوایەتەوە:

ڕیوایەتی یەکەم:

لە عبید الله ی کووڕی عیاض ی کوڕی عمرو القاری یەوە ڕیوایەت کراوە و دەفەرموویێت: عبدالله ی کوڕی شداد هات و چووە ژوورەوە بۆ لای دایکە عائیشە(خوای لێ ڕازی بێت)لە کاتێکدا ئێمەش لە لای ئەو دانیشتبووین،عبدالله لە عێراقەوە گەڕابووەوە،لە پاش چەند شەوێك لە شەهید کردنی ئیمامی علی(خوای لێ ڕازی بێت) ، دایکە عائیشة(خوای لێ رازی بێت) پێی فەرموو: ئەی عبدالله ی کوڕی شەداد ئایا تۆ لەگەڵ مندا ڕاست دەکەیت هەر پرسیارێکت لێبکەم؟دەربارەی ئەو کۆمەڵە بۆم بدوێ کەوا علی(خوای لێ رازی بێت)لە گەڵیاندا دەجەنگا، ووتی: ئایا چی شتێك وام لی دەکات کە ڕاستت لەگەڵدا نەکەم؟

ئەویش فەرمووی: فەرموو باسی چیرۆکەکەی ئەوانم بۆ بکە.

ووتی:کاتێك کە ئیمامی علی(خوای لێ رازی بێت)

نوسراوێکی نوسی بۆ ئیمامی معاوی یە(خوای لیٚ رازی بێت) وە دوو کەسی بە دادوەر دانا،هەشت هەزار قورئان خوێن لەنێو خەڵکی یەوە دەرچوون،بۆیە لە جێگایەك جێگیر بوون کە پێی دەڵێن(حروراء )لە نزیك شاری کوفەیە،ئەوانیش گلەیی و گازەندەیان لیٚ کردوو ووتیان:کراسێك خوای گەورە لەبەری کردبووی خۆت بەدەستی خۆت لەبەر خۆتت داکەند،ناوێك کەوا خوای گەورە ناوی لیٚ نابووی خۆت سڕیتەوە ، ئەمجار چویت کەسانێکت کردە دادوەر لە دینی خوادا،ئێمەش دەزانین کە هیچ حوکمێك جگە لە حوکمی خوا نی یە،کاتێك کە ئەو گلەیی و گازەندانە گەشتە ئیمامی علی (خوای لیٚ رازی بێت) کە لەو پێناوەدا لێی جیا بوونەتەوە فەرمانی کردە بانگ دەرێك ئەویش بانگی دا: فەرمووی کەوا نابێت هیچ کەس بچێتە ژوورەوە بۆ لای ئەمیری باوەڕداران ئیللا هەڵگرانی قورئان نەبێت،کاتێك ماڵەکە پڕ بو لە قورئان خوێنان، ئەمجار داوای قورئانی کردوو لەبەردەستی خۆیدا داینا ،پاشان بەدەستەکانی دەیدا لەقورئانەکەو دەیفەرموو: ئەی قورئانەکە، بۆ خەڵکەکە قسە بکە، بۆیە خەڵکی بانگیان لێکرد و ووتیان: ئەی ئەمیری باوەڕداران،پرسیاری چی لێدەکەیت لە کاتێکدا ئەو تەنها

مەرەکەبە لە سەر کاغەز، ئێمەش ئەوە دەڵێین کە لە ئەوەوە ڕیوایەتمان کردووە،چیت دەوێ؟ فەرمووی: هاوەڵانتان، ئەوانەی کە دەرچوونە لە نێوان من و ئەواندا قورئان حوکم بکات.

خوای گەورە لە کتێبەکەیدا دەربارەی پیاو و ژنێك دەفەرمووێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ۗ..﴾ [النساء/35] واتە: خۆئەگەر ترستان لە پشێوی و ناکۆکی ژن و مێرد هەبوو، دەتانزانی پێکەوە هەڵناکەن جا کەسێکی دادوەر لەخزم و بنەماڵەی مێردەکەو، دادوەرێکیش لەخزم و کەس و کاری ژنەکە بنێرن بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانیان و، ئەوسا دانانی چارەسەرێك بە هەرجۆرێك کەئەوان بەچاکیان دەزانی ئەگەر هەردووك رازی بوون پێك بێنەوەو نیەتیان پاك بوو ئەوا خواش یەکیان ئەخات و پێکیان دێنێتەوەو پیرۆزی ئەخاتە کارەکانیانەوە.

جا بزانن کەوا حورمەتی خوێنی ئوممەتی موحەممەد ﷺ مەزنترو گەورەترە لە پیاو و ژنێك ، ئەوان خەشم و قینیان لێ هەڵگرتم چونکە من نوسراوێکم نارد بۆ معاویە (خوای لێ رازی بێت).

کە نوسی بووی تییایدا: علی کوڕی ئەبو طالیب واتە نەی نوسی ئەمیری باوەڕداران،بۆیە فەرمووی: بزانن کاتێك سهیل ی کوڕی عمرو لە ڕۆژی (الحديبیه)دا هات و ئێمەش لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ بووین بۆ ئەوەی لەگەڵ قوڕەیشدا ڕێك بکەون ، جا پێغەمبەری خوا ﷺ نوسی: (بسم الله الرحمن الرحيم) کە چی سهیل ووتی: مەنوسن: (بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەویش فەرمووی:ئەی چی بنوسین؟ ووتی: بنوسن: (باسمك اللهم)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەمجار بنوسە: (محمد رسول الله) ﷺ ،سهیل ووتی: ئەگەر بە پێغەمبەرت بزانم سەرپێچیم نەدەکردی و لەگەڵ تۆدا جیاواز نەدەبووم، ئەویش نووسی: ئەمە ئەو ڕێکەوتن نامەیە کە (محمدی کوڕی عبدالله) و(قوڕەیش) لەسەری ڕێك کەوتن ، خوای گەورە لەقورئانەکەیدا دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ ..﴾[الأحزاب/21] واتە: بەڕاستی پێغەمبەری خوا ﷺ چاکترین نموونەی ڕێك و پێکی و سەرمەشقە بۆتان ، دەسا ئێوەش لەدڵسۆزیی و سیاسەتی و جیهادیی و ئارامیی و تەقوایی و تەواوی

بوارەکانی ژیاندا چاوی لێبکەن و بەدوایدا بچن بەتایبەتی بۆ ئەوکەسە، کە بە تەمای خواو رۆژی دواییە.
بۆیە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) عبداللەی کوڕی عباس(خوایان لێ رازی بێت) ی بۆ ڕەوانە کردن و منیش لەگەڵیدا چووم،تاکو گەیشتینە ناوەڕاستی سەربازگەکەیان ، (إبن الكواء )دەستی بە ووتار خوێندنەوە کردوو بۆ خەڵکەکە دووا و ووتی: ئەی هەڵگرانی قورئان: ئەمە عبدالله ی کوڕی عەباسە جا هەرکەسێ نایناسێت ئەوا من لەڕێگای قورئانەوە دەیناسم ، ئەمە ئەو کەسەیە کە خوای گەورە لە حەقی ئەو و قەومەکەیدا فەرموویەتی: ﴿قَوْمٌ خَصِمُونَ﴾ [الزخرف/58] واتە: بەڵکو ئەوان هۆزێکن هەر دەمبازی دەکەن.
بۆیە بیگەڕێننەوە بۆ لای هاوڕێ کەی و مەیکەنە تەرازوو بەسەر کتێبی خوادا ،بۆیە چەند ووتار خوێنێکی تر هەستان و ووتیان: سوێند بەخوا دەبێت بیکەینە تەرازویەك بەسەر کتێبەکەی خوداوە،جا ئەگەر حەقی پێ بوو ئەوا دەیناسینەوە وە شوێنی دەکەوین و وە ئەگەر ناحەق و ناڕەوایی پێ بوو ئەوا بە ناڕەوایی یەکەی خۆی ڕەدی دەکەینەوە، ئەمجار سێ ڕۆژ بەپێی کتێبەکەی خوا لەگەڵیاندا دووا بۆیە چوار

هەزار کەسیان لێ گەڕایەوەو تەوبەیان کرد، کە(إبن الکواء )یان تێدا بوو تاکو ڕۆیشتنە خزمەتی ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت)، ئەمجار ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) هەواڵی بۆ ئەوانی تر نارد و فەرمووی: کارو مەسەلەکەی ئێمەو خەڵکی گەیشتە ئەوەی کە دەیبینن، بۆیە چی تر بووەستن تاکو ئوممەتی محمد ﷺ یەك دەگرن ئەو بەڵێنەی لە نێوان ئێمەو ئێوە ئەوە بێت کە خوێن نەڕێژین و ڕێگە نەبڕن و ستەم لەئەهلی (ذمة)نەکەن،ئەگەر واتان کرد ئەوا لەگەڵتاندا ناجەنگین ، خوداش ناپاکی خۆش ناوێت وە بێ لەم ڕیوایەتە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە کە ئیمامی (عەلی خوای لێ رازیبێت) جوابی بۆناردن و پێی فەرموون: (ئێوە بەڕێی خۆتان و ئێمەش بەڕێی
خۆمان،بەمەرجێك خوێنی کەس بەناحەق نەڕێژن و ڕێگەی کەس نەگرن وزوڵمیش لەکەس نەکەن،و ئێمەش ڕێگەی ماڵی خواتان لی ناگرین و شەڕیشتان لەگەڵ ناکەین تا ئێوە شەڕمان لەگەڵ نەکەن)(1).

وە پاشان دایکە عائیشة (خوای لێ رازی بێت) پێی ووت:ئەی کوڕی شەداد،جا علی (خوای لێ رازی بێت)

---

(1) [البداية والنهاية(7 / 281)].

ئەوانی کووشت!؟ ووتی: سوێند بەخوا نەچووە سەریان تاکو ئەوان خوێنیان ڕشت و ڕێگەیان بڕی (ڕێگیرییان کرد)وە (ئەهلی ذمة)یان بە حەڵاڵ زانی، دایکە عائیشة ووتی: بڵێ سوێند بەخوا،ووتی: سوێند بەو خوایەی کە جگە لەو هیچ خوایەکی تر نی یەبەو شێوەیە بوو،دایکە عائیشة (خوای لێ رازی بێت) ووتی: ئەی ئەوە چی یە کە لە(ئەهلی ذمة)ەوە پێم گەشتووە و دەڵێن :(ذو الثدی)،(ذو الثدی)؟ من بینیم لەناو کوژراوەکاندا بوو، لەگەڵ ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) چوینە سەری ، ئەویش بانگی خەڵکی کرد، ئایا ئەمە دەناسن؟ خەڵکی زۆر هاتن و دەیان ووت: لە مزگەوتی (بەنی فلان)دەمبینی نوێژی دەکرد،هیچ کەس جگە لەو قسانە زیاتری نەدە ووت، دایکە عائیشة (خوای لێ رازی بێت) ووتی: ئایا گووفتاری علی (خوای لێ رازی بێت) چی بوو کاتێك لەسەری ڕاوەستا هەروەکو ئەهلی عێراق دەیلێن، ووتی: گوێم لێ بوو دەیووت:خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕاستیان فەرموو، دایکە عائیشة فەرمووی: ئایا جگە لەوە هیچ شتێکی ترت لە ئەوەوە بیست؟ ووتی: نەخێر.. خوا ئاگادارە، دایکە عائیشة (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی:بەڵێ خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ

راستیان فەرموو، ڕەحمەتی خوا لە عەلی (خوای لێ رازی بێت) لە قسەکانی ئەو ئەوە بوو هەرکاتێك شتێکی ببینیایە و پێی سەیر بوایە ئەوا دەیفەرموو خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ راستییان فەرموو،ئەمجار ئەهلی عێراق بەدەم ئیمامی عەلی یەوە (خوای لێ رازی بێت)درۆیان کردو شتی زیادەیان بۆ هەڵبەست.(1).

ڕیوایەتی دووەم:

ئیمامی النسائي لە کتێبی (الخصائص)(2). ڕیوایەتی کردووە لە عبداللەی کووڕی عباس(خوایان لێ رازی بێت)کە فەرموویەتی: کاتێك گرۆهی (الحرورية) دەرکەوتن خۆیان گۆشەگیر کرد و لە ماڵەکانیاندا دانیشتن، ژمارە یان شەش هەزار کەس دەبوو،بەپێشەوای علی کوڕی ئەبوطالیب (خوای لێ رازی بێت)م ووت:ئەی ئەمیری باوەڕداران... کەمێك نوێژەکە دوا بخە،بەڵکو لەگەڵ ئەو گرۆهەدا قسە بکەم،ووتی: من لەژیانت دەترسم، ووتم: نەخێر، فەرمووی ئەم جار خۆم لەبەر کردوو بە پێ ڕۆیشتم بۆ لایان

---

(1) أخرجه أحمد،وأبو يعلى،وإبن عساكر،وقال هيثمي في المجمع،روا يعلى ورجاله ثقات،وإسناده حسن،كما قال الشيخ شعيب في المسند.

(2) أخرجه النسائي في الخصائص(185) وهو في السنن الكبرى(5 / 165 / 167)وسنده حسن.

لەکاتی (قەیلولە)دا بوو ئەوان پشوییان دەدا وە منیش سڵاوم لەوان کرد.

ئەوانیش ووتیان:سڵاوت لێبێت ئەی إبن عباس،چی شتێك تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟منیش بە ئەوانم ووت: من لە لایەن هاوەڵانی پێغەمبەری خواوە ﷺ هاتووم لە پشتیوانان و کۆچەران و کوورِی مام و زاوای پێغەمبەری خواوە ﷺ ، کە قورئان بەسەر ئەواندا دابەزی و ئەوانیش لە ئێوە شارەزا ترن لە(وەحی)،من هاتووم تا قسەی ئەوانتان پێ ڕابگەیەنم ، کە ئەوان هەواڵ پێدراون لەو شتانەی کە دەیڵێن،

کۆمەڵێکییان بەرە و لای من جیا بوونەوە،

ووتم:پێم بڵێن چی شتێك وای لێکردن بەو شێوەیە خەشم و قین لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواو ﷺ کوورِی مامی بگرن؟!

ووتیان:لەبەر سێ شت:

ووتم:ئەو سێ شتە چین؟

ووتیان: یەکێکییان ئەوەیە، ئەو(واتە:علی)لەفەرمانی خوادا حوکمی دابە دەست پیاوانەوە کە چی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ﴾ [الأنعام/57]

واتە:چونکە هەموو حوکم و بڕیارێك هەر هی خوایە وە هەموو شتێک هەر بەدەستی ئەوە.
ئیتر پیاوان چی یان داوە لە حوکم! ووتم: ئەمە یەك.
ووتیان:دووەمیان ئەوەیە، ئەو(واتە:علی)کووشتاری کرد کەچی لەوانی بەدیل نەبردو ئافرەتی نەکردە جاری یە سامانەکەیانی بە غەنیمەو دەسکەوت نەبرد،جا ئەگەر ئەوان بێباوەڕن ئەوا بەجاری یە کردنی ئافرەتەکانییان درووستەو وە ئەگەر ئەوان باوەڕدارن ئەوا بەجاری یە کردن و کووشتارییان درووست نی یە.
ووتم: ئەمە دوو ئایا سێ یەمیان چی یە؟
ووتییان:ئەو ناوی خۆی لە(ئەمیری باوەڕداران)سڕی یەوە کەوا بوو ئەو(ئەمیری بێ باوەڕانە).
ووتم:ئایا جگە لەمانە هیچی ترتان پێ یە؟
ووتیان:نەخێر...ئەمانەمان بەسە.
ووتم:ئایا ئەگەر چەند ئایەتێکی قورئان و چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوام ﷺ بەسەرتاندا خوێندەوە کە وەڵامی قسەکانتان بێت ئایا ڕازی دەبن- دەگەڕێنەوە -؟
ووتیان: بەڵێ،ووتم: ئەو قسەیەتان کە باسی حوکمی پیاوانە لەفەرمانەکانی خوادا،ئەوە من لە قورئانەوە ئایەتێکتان بۆ

دەخوێنمەوە کە خوای گەورە حوکمی دا بەدەست پیاوانەوە لەنرخی چارەکە درهەمێکدا،خوای گەورە فەرمانی کردووە کە پیاوان حوکمی تێدا بدەن، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنْتُمْ حُرُمٌ ۚ وَمَنْ قَتَلَهُ مِنْكُمْ مُتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ...﴾ [المائدة/95] واتە: ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە! هەتا لە ئیحرامدان هیچ جۆرە نێچیرێکی وشکانی مەکوژن، گۆشتی بخورێ، یا نەخورێ هەرکەسێکتان بەدەست ئەنقەست کوشتیی و لەئیحرامیشدا بوو،لە تۆڵەی ئەوەدا دەبێ وێنەی نێچیرە کوژراوەکە لەمەڕو بزن و وشترو گا کەفارەت بدات دوو کەسی دادگەرێ زاناشتان بڕیاری لەسەربدەن و بڵێن: ئەمە بۆبارتەقاو کەفارەتی نێچیرە کوژراوەکە دەشێ...

جا من سوێندتان دەدەم بەخوای گەورە ئایا حوکم کردنی پیاوان لەسەر کەروێشکێك یان هەرشتێکی تر لەڕاو باشترە یان حوکم کردنیان لەخوێنی نێوان مسوڵمانان و ئاشتی نێوانییان، خۆتانیش باش دەزانن ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ بووایە ئەوا حوکمی دەداو چی تر کارەکەی نەدە دایە دەستی پیاوان؟

ووتیان: بێگومان ئەمە چاکترە.
هەوەها دەربارەی ئافرەت و مێردەکەی خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِنْ أَهْلِهَا إِنْ يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ۗ..﴾ [النساء/35] واتە: خۆئەگەر ترستان لەپشێوی و ناکۆکی ژن و مێرد هەبوو، دەتانزانی پێکەوە هەڵناکەن جا کەسێکی دادوەر لەخزم و بنەماڵەی مێردەکەو، دادوەرێکیش لەخزم و کەس و کاری ژنەکە بنێرن بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانیان و، ئەوسا دانانی چارەسەرێك بە هەرجۆرێك کەئەوان بەچاکیان دەزانی ئەگەر هەردووك ڕازی بوون پێك بێنەوەو نیەتیان پاك بوو ئەوا خواش یەکیان ئەخات و پێکیان دێنێتەوەو پیرۆزی ئەخاتە کارەکانیانەوە.
جا سوێندتان دەدەم بەخوا ئایا حوکمی پیاوان ئاشتبونەوەی نێوانیان و پاراستنی خوێن ڕشتن چاکترە یان حوکم لەسەر کێشەی ئافرەتێك؟
ئایا وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوەو ئێوەش ڕازی بوون؟
ووتیان: بەڵێ.
ووتم:سەبارەت بە قسەی دووەمتان کە دەڵێن: کووشتاری کردوو کە چی ئافرەتیانی بە جاری یە نەبردوو غەنیمەت و

دەسکەوتی نەبرد،من لێتان دەپرسم: ئایا دەتانەوێت عائیشة ی دایکتان بکەن بەجاری یەو ئەوەی کە بۆ ئافرەتانی تر حەڵاڵی دەکەن بۆ ئەویش حەڵاڵی بکەن؟ لە کاتێکدا ئەو دایکتانە؟!.

جا ئەگەر بڵێن: ئەوەی کە بۆ جگە لەو حەڵاڵی دەکەین بۆ ئەویش حەڵاڵی دەکەین ئەوا بە دڵنیای یەوە کافر دەبن،ئەگەر بڵێن:ئەو دایکی ئێمە نی یە ئەوا دیسان کافر دەبن،چونکە خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿النَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ ۖ وَأَزْوَاجُهُ أُمَّهَاتُهُمْ ۗ..﴾ [الأحزاب/6] واتە:

پێغەمبەری خوا ﷺ بە بڕواداران لە خودی خۆیانیش لە پێشترە ، لە هەموو کارو بارێکی دین و دنیادا، وەهەرگیز پێی خۆش نەبووە موسڵمانان تووشی هیچ جۆرە بەڵاو نەهامەتێك ببن، هەموو کاتیش هەوڵیداوە بەرەو خێرو چاکە بچن و خۆی بەبرایان داناوە، دیارە کەدەبێ موسڵمانانیش هەر ئەو بڕیار و حوکمیان بۆ بدا و، هەر قسەی ئەویش ببیستن، وەك خۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ:من بە خودی موسڵمانانەوە لە خۆیان بۆ خۆیان نزیکترم، جا هەرکەسێ بەقەرزاری مرد، قەرزەکەی لەسەر منە و، من دەی بژێرم، هەرکەسێکیش مردو ماڵ و سامانی لێبەجێ ما، ئەوە بۆ

میرات بەرانی خۆی دەبێ. ئەم فەرموودەیە باشترین بەڵگەو نیشانەی دڵسۆزی ئەو پێغەمبەرە ﷺ نیشان دەدات بەرامبەر بە ئوممەتەکەی.(1).

وە ژنەکانیشی دایکیانن ، پێویستە وەك دایکی خۆیان ڕێز و حورمەتیان لێبنێن. واتە: لە ڕێزگرتن و حەرامیی مارەکردنیاندا وەك دایکیانن، بەڵام لەتەماشاکردن و خەڵوەت و. .هتد دەبێ وەك ژنانی تر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

جا ئێوە لە نێوان دوو گومڕایی دا دەسوڕێنەوە، بۆیە خۆتان دەرکەن لەو نێوانە؟ووتم: ئایا وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوەو ئێوەش رازی بوون؟.

ووتیان: بەڵێ.

ووتم: سەبارەت بەقسەی سێ یەم تان کە دەڵێن: ناوی خۆی لە ئەمیری باوەڕداران سڕییەوە ئەوا من بەڵگەیەکتان بۆ دەهێنمەوە کەوا ڕازیتان بکات، وادەزانم هەمووتان ئەوە تان بیستووە کاتێك کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ بێباوە ڕاندا بەڕێکەوتن نامەی (الحديبية)ئاشت بووی یەوە بە ئیمامی علی فەرموو(خوای لێ رازی بێت)بنوسە ئەمە ئەو ڕێکەوتنەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ

(1) پێشەوا (ئەحمەد)و (ئەبوو داود) ڕیوایەتیان کردووە.

(محمد رسو الله)لەسەری ڕێك کەوتووە بێباوە ڕان ووتییان: نەخێر سوێند بەخوا ئێمە تۆ بە پێغەمبەر نازانین و وە ئەگەر بە پێغەمبەرت بزانین ئەوا هەرگیز کووشتارمان لەگەڵ نەدەکردی و گوێڕایەڵت دەبووین،بنووسە(محمد ی کوڕی عبدالله)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی ئەی علی بیسڕەوە و بنوسە ئەمە ئەو پەیمانەیە کە (محمدی کوڕی عبدالله) لەسەری ڕێك کەوتووە.

سوێند بەخوا پێغەمبەری خوا ﷺ لە علی چاکترە لەکاتێکدا ئەو ناوی خۆی سڕی یەوە، ئەو سڕینەوە لە پێغەمبەرایەتی نەیسڕی یەوە،ئایا وەڵامی پرسیارەکانتان درایەوە؟ وە ئێوەش رازی بوون؟

ووتیان بەڵێ.

بۆیە دوو هەزار کەسیان لێ گەڕایەوە،ئەمجار هەموویان دەرچون و لەسەر گومڕایی خۆیان کووژران، بۆیە کۆچەران و پشتیوانان کووشتاریان کردن ئەویش لە پاش ئەوەی ئەوانەی کە مابوون لە(خەواریج)ەکان لە(نهروان)کۆبوونەوەو سوپایەکی چەکداریان دروست کردوو دەستیان کرد بە زوڵم و ڕێگرتن لە مسوڵمانان و خوێن ڕشتنی خەڵك بە ناهەق، وە یەکەم تاوان کە ئەنجامیان دا ئەوە بوو کە یەکێك لە

هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە ناوی (عبدالله ی کوڕی خبابی کوڕی ئەرەت) بوو خۆیی و خێزانەکەی کە سکی هەبوو بەلایاندا تێپەڕی ،گرتیان خۆیی و ژنەکەیان سەربڕیی و سکی ژنەکەیان سەربڕی.(1).

ئەم کارە ناڕەوایانە ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) ناچار کرد کە بەڕێ بکەوێ بۆ تەمی کردنییان وە جێ بەجێ کردنی حەدی شەرعی لەسەریان،کاتێك بەسوپاکەیەوە گەیشتنە (نهروان) خۆیی و (أبو أیوبی أنصاري) بۆ ماوەیەکی زۆر ووت و ویژی لەگەڵدا کردن، بەڵام نەگەڕانەوە و سوودی نەبوو، پاش ئەوە ئەبو ئەیوب ئاڵایەکی بەرز کردە وە و ووتی: هەرکەس بێتە لای ئەم ئاڵایە دڵنیا بێت هیچی لێناکەین بۆ کوێ دەڕوات با بڕاوت،ئێمە تەنها شەڕ لەگەڵ ئەوانەدا دەکەین کە ئەو تاوانەیان کردووەو خوێنی ناهەقیان ڕشتووە،بەمەش خەڵکێکی زۆر لەخەواریجەکان جیا بوونەوەو تەنها هەزار کەسیان مایەوە، پاشان شەڕ دەستی پێکردوو هەرزوو خەواریجەکان شکان و بەشی زۆری سەرکردەکانیان کوژران.

---

(1) البداية والنهاية(7 / 288).

پێغەمبەری خوا ﷺ لەچەند فەرموودە یەکدا ئاماژەی بەسەر هەڵدانی کۆمەڵەی (خەواریج) کردووە و باسی سیفەتەکانی ئەو کۆمەڵەشی کردووە کە چۆن قورئان دەخوێنن بەڵام خوای گەورە لێیان قبوڵ ناکات،چونکە بە پێی ئارە زوی خۆیان ماناکەی لێك دەدەنەوەو چۆن لەفەرمانی خەلیفە دەردەچن و چۆن خوێنی مسوڵمانان دەڕژن و فەرمانی بە کووشتنییان کردووەو کووشتنیشییان بە خێرێکی گەورە لەقەڵەم دەدات.

(زیدی کوڕی وهب ی جوهەنی)کەیەکێك بوو لەئەندامانی لەشکرەکەی ئیمامی علی(خوای لیٚ رازی بێت) لەشەڕی (خەواریج)دا دەگێڕێتەوە کە ئیمامی علی(خوای لیٚ ڕازی بێت)فەرمووی: لە پێغەمبەرم ﷺ بیستووە دەیفەرموو:کۆمەڵێك دەردەچن لە ئوممەتەکەم ،قورئان دەخوێنن قورئان خوێندنی ئێوە لە چاو قورئان خوێندنی ئەواندا هیچ نی یە،وە نوێژەکانیشتان لە چاو نوێژی ئەوان هیچ نی یە،ڕۆژووشتان لەچاو ڕۆژووی ئەواندا هیچ نی یە،قورئان دەخوێنن پیٚ یان وایە قورئان لەگەڵ ئەوانە،بەڵام لەڕاستیدا لەسەر ئەوانە.(1).

---

(1) صحيح المسلم(2 / 748)

پاشانی ئیمامی علی(خوای لیَ ڕازی بێت) فەرمووی: ئەو سوپایەی کەشەڕیان لەگەڵدا بکات ئەگەر دەیزانی چی خێرێکیان لای خوای گەورە بۆ دەنوسرێت ئەوا تەوەکولیان دەکردە سەرکارەکەیان(واتە بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت)نیشانەی ئەو کۆمەڵە خەواریجەش ئەوە یەکە پیاوێکیان تێدایە قۆڵێکی باسکی پێوە نی یە لە کۆتایی قۆڵەکەشیدا گۆیەکی وەك گۆی مەمکی پێوەیە،چەند موویەکی سپی لەسەرە.

(زیدی کوڕی وهب)دەڵێت کاتێك شەڕەکە کۆتایی پیَ هات و(خەواریج)ەکان شکان،ئیمامی علی (خوای لیَ رازی بێت) فەرمووی:بگەڕێن بەدوای پیاوە نیو قۆڵەکەدا ئەوانیش گەڕان بەڵام نەیان دۆزی یەوە،پاشان ئیمامی علی(خوای لیَ ڕازی بێت) خۆی هەستا بەناو کوژراوەکاندا گەڕا، کۆمەڵێك جەنازەی بینی بەسەر یەکدا کەوتبوون فەرمووی:لەسەر یەکیان لابەرن،کەسەیریان کرد پیاوە نیو قۆڵەکە لە ژێریان دا بە کوژراوی کەوتوە کە ئیمامی علی(خوای لیَ ڕازی بێت) پیاوەکەی بەکووژراوی بینی تەکبیری کردوو فەرمووی:خوای گەورە ڕاستی فەرمووە وە پێغەمبەرەکەشی ﷺ بە ئەمانەت هەواڵەکەی گەیاندووە.

ئالەم کاتەدا (عوبەیدەی سەلمانی )هەستا ووتی: بە ئیمامی علی:ئەی سەرکردەی مسوڵمانان تو ئەو خوایەی کە هیچ خوایەك نی یە غەیری ئەو نەبێت،تۆ ئەمەت لە پێغەمبەری خوا ﷺ گوێ لێ بووە)؟ ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت) فەرمووی:ئەرێ بەو خوایەی کە هیچ خوایەکی نی یە غەیری ئەو نەبێت بەگوێی خۆم لە پێغەمبەرم ﷺ بیستووە. (1).

هەروەها (سوەیدی کوڕی غەفلە )دەگێڕێتەوە:کە ئیمامی علی فەرمووی یەتی:گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو:کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم دەردەچن بەتەمەن منالن و خەون و ئاواتی بێ نرخیان هەیەو فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەڵێنەوەو قورئان دەخوێنن بەڵام لە قوڕ قوڕاگەیان تێپەڕ ناکات،چۆن تیر لە نێچیر دەردەچێت ئاوا لە دین دەردەچن، ئەگەر پێیان گەیشتن بیان کوژن،چونکە کووشتنیان لە ڕۆژی قیامەت لای خوای گەورە خێرێکی زۆر گەورەی تێدایە.(2).

بە هەمان شێوە(أبو سعیدی خودري)خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕێتەوە،دەڵێت:کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ دوای یەکێك

(1) صحيح المسلم(2 / 748) و(البداية والنهاية)(7 / 291).
(2) صحيح البخاري(12 / 283- مع الفتح)وصحيح المسلم(7 / 169- مع شرح النووي).

لە غەزاکان دەسکەوتەکانی بەسەر موجاهیدەکان دا دابەش دەکرد، کابرایەك کە ناوی (ذوالخويصرة التميمی)بوو هات ووتی: (إعدل يا رسول الله)واتە عادل بە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: (ويلك ومن يعدل إذا لم أعدل)واتە: قوڕ بەسەرت، جا کێ عادل دەبێت ئەگەر من عادل نەبم.

ئیمامی عمری کوڕی خەطاب(خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی: ڕێگەم بدە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بالەملی بدەم، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: وازی لێ بێنە، ئەمە کۆمەڵێکی لەگەڵدایە هێندە نوێژکەرو ڕۆژو گرن نوێژوو ڕۆژووی خۆتان پێ هیچ نی یە لە چاو نوێژوو ڕۆژووی ئەواندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چۆن تیر لەنێچیر دەردەچێت ئاوا لەدین دەردەچن...

نیشانەکەشیان ئەوەیە کە پیاوێکی ڕەشیان لەگەڵدایە، دەستێکی وەك مەمکی ئافرەت وایە یان وەك پارچە گۆشتێك وایە دەلەرێتەوە، لە کاتێکدا دەردەچن کە ناکۆکی و پەرت بوون لە نێوان خەڵکدا هەیە. (1).

---

(1) رواه البخاري ومسلم،وفي صحيح المسلم(2 / 744 – 745).

ئەبو سەعیدی خودری دەفەرمووێت: شایەتی ئەدەم کە ئەمەم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ بیستووە،شایەتیش ئەدەم کە ئیمامی علی کاتێك هەستا بەکووشتنییان و خۆشمی لەگەڵدا بوو،ئەو پیاوە یان بە کوژراوی هێنا بەو شێوە یەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی کرد بوو.

وەهەر ئەبوسەعیدی خودری (خوای لێ ڕازی بێت) فەرموویەتی: کۆمەڵێك دەرچوو لەکاتی ناکۆکی یەك لە نێوان مسوڵمانان دا دەردەچن،ئەو کۆمەڵە مسوڵمانەی کە زیاتر لە حەقەوە نزیکن ئەوان دەیان کووژن. (1).

ناکۆکی یەکەش مەبەست پێی ناکۆکی یەکەی نێوانی ئیمامی عەلی و ئیمامی معاویە بوو،وە ئەو کۆمەڵەش کە هەستان بە کووشتنییان کۆمەڵەکەی ئیمامی علی بوو وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵەکەی ئیمامی علی (خوای لێ رازی بێت)زیاتر لەسەر حەق بوون وەك لە کۆمەڵەکەی ئیمامی معاوی یە (خوای لێ رازی بێت)،هەرچەندە پێغەمبەری خوا ﷺ هەردووکۆمەڵەکەی ئیمام علی و معاوی یەی بە مسوڵمان ناو هێناوە.

---

(1) صحيح المسلم(7 / 168 – مع شرح النووي).

پاش ئەم ڕوداوانەو لەناو بردنی خەواریجەکان سێ کەسی داخ لەدڵ لەپاش ماوەی (خەواریج)ەکان کە بریتی بوون لە(عبدالرحمن ی کوڕی ملجم و بەرکی کوڕی عبدالله ی تەمیمی و عەمری کوڕی بەکری تەمیمی )لەگەڵ یەکتر کۆ بوونەوە و بڕیاریاندا هەریەکەیان یەکێك لەسەرکردەکانی ئەوکاتەی مسوڵمانان بکوژێت و داخی دڵی خۆیان بڕژن،وە ڕێك کەوتن لەسەر ئەوەی کە عبدالرحمن ی کوڕی ملجم ئیمامی علی بکوژێت و بەرکی کوڕی عبداللەی تەمیمیش معاوی یە بکوژێت و عەمری کوڕی بەکری تەمیمیش هەستێت بەکوشتنی عەمری کوڕی عاص، کە ئەوکاتە ئەمیری میصر بوو،بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریان دا کاتی جێ بەجێ کردنی پیلانەکە بۆ تیرۆرکردنی هەر سێ سەرکردەکە کاتی نوێژی بەیانی حەڤدەی ڕەمەزان بێت،پاشان بەڕێکەوتن بەرەو(کوفەو شام و میصر)بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەیان، وە لە کات و ڕۆژی دیاری کراودا بەرکی تەمیمی لەڕێگەی مزگەوتدا بەخەنجەرێکی ژەهراوی دای لە ئیمامی معاوی یەو برینداری کرد بەڵام ئیمامی معاوی یە چاك بووەیەوەو نەمردوو بەرکی تەمیمیش گیراو کوژرا.

عەمری کوڕی عاصیش لە میصر بە قەدەری خوا ئەو ڕۆژە نەخۆش بوو نەیتوانی بچێتە مزگەوت بۆ نوێژی بەیانی و پێش نوێژی بۆ خەڵك بكات بۆیە(خارجەی کوڕی ئەبی حەبیبەی عامری)لەجێی خۆی ڕاسپارد بۆ پێش نوێژی ، (عەمری تەمیمی)ش نەیزانی کە ئەوە عەمری کوڕی عاص نی یە بە خەنجەرە ژەهراوی یەکەی لە میحرابەکەدا لێیداو کووشتی و خەڵکەکەش گرتیان و کوشتیانەوە.

(عبدالرحمن ی کوڕی ملجم)یش لە ڕێگەی مزگەوت دا فرسەتی لە ئیمامی علی هێنا لە کاتێکدا کەخەڵکی خەبەر دەکردەوە بۆ نوێژی بەیانی،لەناو دەرگای مزگەوتەکەدا بەشمشێرێکی ژەهراوی دای لەسەری ئیمامی علی و سێ ڕۆژ بە بریندای مایەوە، تا لە شەوی یەك شەممەی ڕێکەوتی نۆزدەی ڕەمەزانی ساڵی چلی کۆچی بە پلەی شەهادەت گەیشت ڕەزاو رەحمەتی خوای لێبێت. (1).

بیرو باوەڕی (الخواریج):

بیرو باوەڕیان وایە کە درووستە لەسەر ئەو پێشەوا مسوڵمانانە ڕاپەڕن کە ستەم و فیسقیان لێ پشکواوە و دەرکەوتوە، وە

(1) البداية والنهاية(7 / 326 -331)والخلفاء الراشدون بين الأستخلاف والإستشهاد(284 – 290).

بەندە بە تاوانی گەورە کافر ئەبێت و بە نەمریش لە ئاگری دۆزەخ ئەمێنێتەوە، هەروەها باوە ڕیان بە شەفاعەت نییە.
بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆکەکۆمەڵێك پەیدا بوون و هەموو ئەو کەسانەی کە بەرگری لە موقەددەساتی ئیسلامی ئەکەن بە بە گومڕاو خەواریج ئەزانن بە بێ ئاگا یان بەئاگا و کاسەلێسی بەردەم دەرگای بەرپرسە طاغوتەکان یان لەبە رخاتری کیسەی بەرباخەڵیان یان لەترسا یان لەبرسان خوا پەنامان بدات لە گومڕایی هەربۆیە من لەوانە دەپرسم ئایا ئەوانەی ئەمڕۆ تێدەکۆشن؟ لە پێناوی خوای گەورەدایە کە ماڵ و مناڵییان بە جێ هێشتووە یان بۆ پارە پەیداکردن و کۆکردنەوەی ماڵی دوونیایە یان بابزانین لە ژێر سوڵتەی کام خەلیفە یان ئەمیری ئیمانداراندا لایانداوە تا پێیان بوترێت خەواریج وەکام لەسەرکردەکانی ئەمڕۆی وولاتانی ئیسلامی حوکم بە بەرنامەی خوا دەکەن مەگەر زۆرێك نابینین لەوانە کەوا شەرعی خوایان وە لاناوە و بەڵکو بەوەشەوە نەوەستاون دژایەتی شەرعی خوای گەورەش دەکەن و لە جێی شەرعی خوا دەیان یاسای وەك(یاسق)ەکەی (جەنگیزخان)یان هێناوەو حوکمی گەل بۆ دەسەڵاتییان لە جیاتی حوکمی خوا بۆ گەل پێدەکرێت براو خوشکی باوەڕدارم خوێنەری بەڕێز:

خۆ ئێستا بۆت ڕوون بوویەوە سەرەتای دروست بوونی (خەواریج)کان چۆن بوو وە بەرامبەر بە کێش ڕاوەستان؟هەر بۆیە دەبێت مرۆڤی باوەڕدار بەرچاو ڕۆشن بێت و بە هەواو ئارەزووی خۆی دەقە شەرعی یەکان تەفسیر نەکات چونکە ئەهلی سوننەو جەماعة ئەو کۆمەڵەن کەوا ئایەت بەئایەت یان بەفەرموودەی پێغەمبەری خواﷺ یان بە ووتەی صەحابە یان پیاوچاکانی پێشین لێك دەدەنەوە وە ئەهلی هەواو ئارزەوش بە دیدو بۆچونی خۆیان لێکدانەوە بۆ دەقە شەرعی یەکان دەکەن بۆیە دەبێت زۆر ووریا بین؟!!

سەبارەت بە حوکمی خەواریجیش: شێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە "بە ڕەحمەت بێت" دەفەرمووێت: زانایان تێکڕا کۆکن لە سەر خراپەکاری و گومڕا بوونی خەواریج، هەر چەند یەك دەنگ نیین لەسەر کافر کردنییان، بگرە دوو ڕای جیاواز لەسەر ئەم تاقمە گوتراوە، ئەویش مەزهەبی ئیمام ئەحمەدو ئیمام مالیکە، هەروەها لە مەزهەبی ئیمام شافعیش دیسان کێشە لە سەر کافرکردنییان هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم بەڕاستی ئەوە زانست و زانیاری یە ئەوە تێگەشتنەبۆیە ئیمامی بوخاری لە(صحیح)ە بەنرخەکەیدا دەرگایەکی کردۆتەوە ناوی ناوە(باب الفهم في العلم)واتە دەرگای تێگەشتن لە لەزانستدا، جا تێگەشتن فەزڵێکەو خوای گەورە دەیبەخشێتە ئەوکەسانەی کە خۆی بیەوێ،جا بەڕاستی خوای گەورەش خاوەنی فەزڵ و چاکەی گەورەیە وەداواکارم لەخوای گەورە کە ئەم نامیلکەیە بکاتە توێشوی دوارۆژمان و لەهەڵەو کەم و کوورِی یەکانیشم خۆش بێت و وە خوایە پڕ بەدڵ داوات لێدەکەم کە زیاتر سنگم فراوان بکەیت بۆ فێربوونی زانستێکی شەرعی کەسوود بەخش بێت بۆ دوونیاو دوارۆژیشم(اللهم آمين)

# سەرچاوەکان

دواین ڕووداوەکان و کۆتایی جیهان ن.شێخ محمد حسان – و.عبدالمجید عبدالحمید
نیشانەکانی ڕۆژی دوایی و ڕووداوەکانی پێش هاتنی ن.مامۆستا هاوڕێ محمد أمین.
پرسیارو وەڵامەکانی مانگی ڕەمەزانی ساڵی 1431هـ ئامادەکردنی:باوکی ئەسماء

**تێبینی:**

**لە کۆکردنەوە ی ئایەتەکان دا سوودمەند بووم لە تەفسیری ڕامان و بەرنامەی دەنگی قورئان خوای گەورە پاداشتی خێری هەموو لایەك بداتەوە.**

**برای بچوکتان: باوکی ئەسماء**

rangshexany@yahoo.co.uk

(وسبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله الا أنت استغفرك وأتوب اليك)